به‌ناوی خوداوه‌ندی به‌خشنده‌ی میهره‌بان

# تیكۆشان

ئۆرگانی كۆمیته‌ی ناوه‌ندیی سازمانی خه‌بات ی كوردستانی ئێر ان

بۆ گه‌یشتنی گه‌لی كوردستان به‌ مافه‌ ره‌واكانی و
رووخانی رژیمی ئاخوندی و دامه‌زراندنی حكوومه‌تێكی دیموكراتی و پارلمانی تێده‌كۆشین

ساڵی بیست و چوارەم ، ژماره «٢٠٩» ٣٠ی رێبەندانی ٢٧٠٨ی كوردی، ١٣٨٧ی كۆچی خۆری، ١٨ی فێوریەی ٢٠٠٩ی زایینی

## بەردەوامی تۆپبارانەكانی ناوچە سنووریەكانی هەرێمی كوردستان لەلایەن هێزەكانی رژیمی ئێرانەوە

خەباتمیدیا: تۆپخانەكانی هێزەكانی رژیمی ئێران لە چەند رۆژی ڕابردوودا چەند شوێن لە ناوچە سنووریەكانی هەرێمی كوردستانیان بوردومان كرد.
بە پێی هەواڵەكان چەندین دێ و كوێستانەكانی ناوچەی سیدەكانی سەر بە قەزای سۆران و ناحیەی ژاراوەی سەر بە قەڵادزێ لەلایەن تۆپخانەكانی رژیمی ئاخوندیەوە بوونە ئامانج كە بەو هۆیەوە زەرەر و زیانێكی زۆر بە خەڵكی ناوچەكە گەیشتووە.
شایانی باسە كە تۆپخانەكانی رژیمی ئێران لە ماوەی ڕابردوودا بە بەردەوامی سنوورەكانی هەرێمی كوردستان تۆپباران دەكا.



كۆچی دوایی ئەندامێكی دڵسۆز و تێكۆشەری سازمانی خەبات ی كوردستانی ئێران
ل٢



ووتوێژی بەڕێز مامۆستا سەید جەلالەددین حوسێنی لەگەڵ گۆڤاری K21
ل ٤



بوونی ناوەندێك بۆ لاوان تا چەند پێویستە لەم قۆناغەدا!!!!
ل٦

بیرەوەریی رۆژانی حەماسە و فیداكاریی پێشمەرگەكانی
ل٧

# ٢٢ ی رێبەندان رۆژی سەركەوتنی خەڵكی ئێران بەسەر دەسەڵاتی پاشایەتی




٢٢ ی رێبەندان یادی، فیدكاری و قارەمانی كەم وێنەی تێكڕای چینە جیاجیاكانی خەڵكی ئێرانە. یادی سەركەوتن بە سەر ستەم و بێعەدالەتی و سەركەوتن بە سەر دەسەڵاتی ملهۆڕی پاشایەتی لە ئێرانە.
گەلانی ماف زەوتكراوی ئێران لە بەرانبەر ستەم و بێعەدالەتی دەسەڵاتی شایەتی دەستیان دایە خەبات چونكە هیوا بڕاو ببون بەوەی ماف و ئازادی یەكانیان دابین بكرێ، بێ هیوا ببون بەوەی كە سەرمایەی نەتەوەیی و نیشتمانیان چی تر بە تالان نەڕوا و نەچێتە گیرفانی كاربەدەستانی نەزان و ستەمگەری پاشایەتی.
بەڵێ ڕاپەرینی بە شكۆ و كەم وێنەی خەڵكی ئێران لە دوای قوربانی زۆر و رەنجی بەردەوام لە ٢٢ ی رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ ی كۆچی خۆری سەركەوت و بەو ڕاپەرینە كەم وێنەیە لە مێژووی خەڵكی ئێراندا دەسەڵاتی پاشایەتی لە بەریەك هەڵوەشاندەوە و دوایی بە حوكمی نارەوا هێنا. بەڵێ یادی ٢٢ ی رێبەندان لە گەڵ ئەوەی پیرۆزە و بیرەوەی كۆتایی ستەمی دەسەڵاتی پاشایەتیە، لە هەمان كاتدا سەرەتاییێكی تاڵ و رەشە لە مێژووی ئێراندا، چونكە لە دوای سەركەوتن بە سەر دیكتاتۆریەتی پاشایەتیدا، جارێكی دیكە دەسەڵاتی دیكتاتۆری و تاكە فەردی باڵی بە سەر ئێراندا كێشا و خومەینی بە هاوكاری ئاخوندەكان بەری رەنج و خوێنی هەزاران لاوی ئازادیخوازی ئێرانیان بە فیرۆ داو حكومەتێكی ستەمگەر و دواكەوتوویان دامەزراند كە دەیان جار لە دەسەڵاتی پاشایەتی ستەمگەر و دژی ئینسانی تر بوو.
ئەگەر دەسەڵاتی پاشایەتی بە زاهیر هێندێك هەڵوێستی دیمۆكراتیكانەی دەگرت لە هەمان كاتدا وەزعی ژیانی خەڵك بەرەو باشتر دەبرد،بەڵام دەسەڵاتی دواكەوتووی ویلایەتی فقیە بێجگە لە ستەم و بێعەدالەتی، بێكاری، گرانی، فەساد، پەرە پێدانی ترۆریست و دواكەوتوویی هیچ خێرێكی بۆ خەڵكی ئێران نەهێناوە.
ئەوەی دەتواندرێ لە بیرەوەری ٣٠ ساڵەی دەسەڵاتی ئاخوندان بخرێتە بەرچاو، مەرگ، شەڕ،وێرانی، فەساد و ئیعتیاد، فەحشا و دەیان دیاردەی دزیو و نالەباری كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریە كە لە بەرچاون و دەبیندرێن. بە بوونی ئەو دەسەڵاتە ملهۆڕ و نەزانەیە كە خەڵكی ئێران، كەمتر لە بیرەوەری سەركەوتنی ڕاپەرینی جەماوەری ساڵی ١٣٥٧ بە سەر رژیمی پاشایەتیدا شادی دەگێڕن.
جێگەی خۆیەتی جەماوەری ئێران و هێزە ئازادیخوازەكان بۆ هاتنەدی ئاواتە لە مێژینەكانیان كە ئازادی و دەستەبەر كرانی مافی بەرامبەرە تێ بكۆشین، تا بە یەكجاری كۆتایی بە ستەم و بێعەدالەتی لە ئێراندا بێ و بەری رەنج و فیدكاری دەیان ساڵەی نەتەوە جیاجیاكانی ئێران بە رووخانی رژیمی نیگریسی ئاخوندی و دامەزرانی دەسەڵاتێكی دیمۆكراتیك و پارلمانی بێتە دی و گەلانی ئێران شادی یەكجاری بگێڕن.

سازمانی خەبات ی كوردستانی ئێران
كومیتەی ناوەندی

## پاسدار جەعفەری سەبارەت بە شۆڕشی خەڵكی ئێران دژ بە رژیمی ئاخوندی ووریایی دا

پاسدار جەعفەری كە لە كۆبوونەوەی ژمارەییێك لە سەركردەكانی بەسیج قسەی دەكرد، گووتی: دەیەی دووهەمی ئینقلابمان بە مەترسیگەلێكی فەرهەنگی، سیاسی و ئاسایشی تێپەڕاند. هەمووتان ئەو ڕووداوانەی كە ساڵەكانی ٧٨، ٧٩ و ٨٠ رووی دا لە بیرتانە... ئەو ڕووداوانە زۆر سەخت بوون، نەدەبوو ببوونایە و ئێمە نابێ رێگە بدەین ئەو جۆرە سەختیانە بۆ ئینقلاب روو بداتەوە. ئەگەر ئێمە ئەركەكانی خۆمان بە باشی ئەنجام بدەین، شایەد بتوانین لەو ئەو ڕووداوانە لە داهاتوودا كە حەتمەن روو دەدەن رێگە بگرین.
ئەو سەركردەی سوپا زیادی كرد: بە قەولی ئیمام، ئێمە لە هەڕەشەی دەرەوە ناترسین، ترسی ئێمە لە ناوخۆیە.
ناوبراو بۆ هێزە دۆڕاوەكانی بەسیج رێ و



شوێنی دانا و گووتی: ئەو كەسەی كە ناوی خۆی بەسیج بنێ، بەڵام خۆی ئامادە نەكا بۆ داهاتووی ئینقلاب و بەشداری نەكا، و یان لە تیمە ئاسایشیەكانی گەڕەكی خۆی بەشداری نەكا، لە داهاتوودا ناكرێ ئەوە بخەینە ریزی بەسیجیە چالاكەكان یان عادیەكانیش.

## كلینتۆن : بڕیار لە سەر سپەری مووشەكی پێوەندی بە هەڵوێستی رژیمی ئێران هەیە



هیلاری كلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریكا رایگەیاند: بڕیاری كۆتایی سەبارەت بە بەرنامەی سپەری دیفاعی مووشەكی لە رۆژهەڵات و ناوەندی ئوروپا بەستراوەتەوە بە ڕاگرتنی بەرزەفڕی ناوكەیی رژیمی ئێران.

هیلاری كلینتۆن لە كۆنفرانسێكی هەواڵدەریدا لەگەڵ كارل شوارتزنبرگ وەزیری دەرەوەی چیك رایگەیاند: سپەری دیفاعی مووشەكی یەكێك لەو مەسەلانەیە كە پێوەندی بە بڕیارەكانی رژیمی ئێرانەوە هەیە.
بە پێی ووتەی وەزیری دەرەوەی ئەمریكا دامەزرانی بنكەی سپەری دیفاعی مووشەكی لە خاكی چیك و لێهستان بۆ بەرنگار بوونەوەی مووشەكی دەوڵەتانی یاخی وەك رژیمی ئێرانە.
هەروەها گووتی: ئەگەر ئێمە لە هەڵسووكەوتی رژیمی ئێران لە پێوەند بە بەرنامەی ناوكەیی گۆڕان ببینین، ئەو كات بە بڕیاری ئێستای خۆماندا دەچینەوە.

***

## لابردنی ناوی سازمانی موجاهدینی خەڵقی ئێران لە لیستی ترۆریستی سەركەوتنێكی گەورەیە بۆ سازمانی موجاهدینی خەڵقی ئێران و خەباتی حەقخوازانەی خەڵكی ئێران

رۆژی دووشەممە، ٧ ی رێبەندانی ١٣٨٧ی كۆچی خۆری، وولاتانی ئوروپایی ناوی سازمانی موجاهدینی خەڵقی ئێرانیان لە ریزی رێكخراوە تروریستیەكان دەرهاویشت.
لابردنی ناوی سازمانی موجاهدینی خەڵقی ئێران لە لیستەی ترۆریستی یەكیەتی ئوروپا، سەركەوتنێكی گەورەیە بۆ سازمانی موجاهدینی خەڵقی ئێران، تێكۆشەرانی سەرفراز و خۆڕاگر لە شاری ئەشرەف و خەڵكی ئێران.
ئەو سەركەوتنە گەورەیە جارێكی دیكە ئەو راستیەی نیشان دا كە خەباتی ئازادیخوازی لە بەرانبەر رژیمی سەركوتگەری ئاخوندی دژ بە خەڵك، رەوایە و دەسەڵاتی ئاخوندی نامەشروعە و بەڕێوەبەرانی خوێن خۆر و تررۆریست پەروەر و قاتڵ و جنایەتكارن.
بێ گومان رۆژێك دێ كە تێكڕای كەندوكۆسپەكانی سەر ریگەی ئازادیخوازان و تێكۆشەرانی خۆڕاگر و فیداكار لە ناو دەچن. ئەو كات ئەو هەلە دەڕەخسێ كە ئاخوندە خۆسەپێن و دڕندەكان بكەونە دەست خەڵك و دادگا و بە سزای كردەوە قێزەون و جنایەتكاریەكانیان بگەن.
بە بۆنەی ئەو سەركەوتنە گەورەیە پیرۆزبایی بە رێبەری مقاومەتی ئێران و گەلی كورد لە كوردستانی ئێران و تێكڕای تێكۆشەرانی رێگەی ئازادی پێشكەش دەكەین.

كۆمیتەی ناوەندی
سازمانی خەبات ی كوردستانی ئێران
٧ی رێبەندانی ١٣٨٧

## نزیك بە ٥٠ میلیارد تمەن كەل و پەلی كاسبكاران دەستی بەسەرداگیرا

هێزێكی سەدان كەسی رژێم لەدگاگای ناوچەی مەریوان، دەستیان بەسەر چەندین ئەنباری پڕ لە باری كاسبكارانی ناوچەكە دا گرت. بە پێی هەواڵەكان رۆژی ٢٦ی رێبەندان هێزێكی سەدان كەسی رژیم پێك هاتوو لە هێزی ئینتزامی و سوپای پاسداران بەزیاتر لە٧٠ دەزگا ماشێنی گەورە و بچووكەوە هێرشیان كردە سەر بازارچەی كاسبكاران لە ئاوایی دگاگای سەر بەشاری مەریوان و دەستیان بەسەر كەل و پەلی كاسبكاراندا گرت. بە پێی هەواڵ هێزەكانی رژیم دوای دەستبەسەرداگرتنی ئەنباری كاسبكاران كە زۆریان شت و



مەكی كارەبایی وەك تلویزیۆن، موبایل و یەخچاڵ و شت و مەكی خارجی بوون، لەچەندین ماشێنی ١٠ تۆنی دا باریان دەكەن و بە تاڵانیان دەبەن. هەر لەو پێوەندییەدا هەواڵدەرییەكان رایانگەیاند كە زۆربەی كاسبكارانی خاوەن ئەنبار بە تاڵان براوەكانیش لەلایەن هێزەكانی رژیمەوە گیراون و لەگرتووخانەی ئیدارەكانی هێزی ئینتزامی و سوپا دەستبەسەر كراون. دەگووترێ نرخی ئەو شت و مەكانە نزیك بە ٥٠ میلیارد تمەنزەندە دەكرێ.

***

**تا ستەمم لەسەرە ڕێی خەباتم لەبەرە**